## جینزی شیاو هەڵبژێرە

لەبەر کردنی جل و بەرگی نایاب، لەلایەن کچان یان خانمان، نیشـــانەیەکە بۆ لێهاتوویی و کارامەیی ئەو کەســـەی لە هەڵبژاردنی جلەکەیدا ژیرانە دەســـت نیشـــانی کردووە، چونکە ئەو زیرەکییە لە دەستنیشان کردنی جل و بەرگ، مانای تێگەیشـــتنی ئەو کەسەیە لە شێوازی جۆراوجۆری نێوان کۆمەڵە جلێك. ئەگەر پانتۆڵ وەك نموونەیەك وەربگرین، کە یەکێکە لە گرنگترین پارچەکانی جل و بەرگ، هەڵبەت دەزانین پانتۆڵ چەندین شـــێواز و جۆری هەیە، لەوانە : پانتۆڵـــی قومـــاش، پانتۆڵی کاوبۆی (جینز)، پانتۆڵی کیلۆت. هەر یەکێك لەو پانتۆڵانە، ســـەرنج ڕاکێش و جیاوازی هەیە لە ســـتایل و نەخشـــدا . شـــیاوترین جۆری پانتۆڵ لەم وەرزەدا پانتۆڵی جینزە، یان ئەوەی بە کاوبۆیی ناسراوە لە نێو خەڵکدا. جوانی پانتۆڵی جینز لە چەندین ڕووەوەیە لەوانە : لەرووی گونجانەوە لەگەڵ جلی دیکەدا دەگونجێ، لەگەڵ زۆربەی جلەکانی دیکەدا دەگونجێ، دواتریش شـــێوەی جەســـتە بە توند و تۆڵی دەردەخات، بەتایبەت کاتێك لەگەڵ کراس و فانیلە لەبەر دەکرێ. پســـپۆران شـــیاوترین مۆدەی پانتۆڵ دەستنیشـــان دەکەن، ئەویش بریتییە لە مۆدەی شێوەی کراوە لە بەشی سەرەوەی پانتۆڵەکە و لە خوارەوەش بەرەو تەسکبوونەوە دەچێ، یان ئەوەی بە (سکێرت) ناسراوە.



## ماکیاژی سادە بۆ کچانی تازەپێگەیشتوو

ماکیاژ کردن، کارێکی گرنگە لە کاروباری ڕۆژانەی کچان و ئافرەتـــان، هەندێك لە کچـــان، عەودالّی ماکیاژن، زۆربەی کچـــان کاتێك نیـــازی چوونە دەرەوەیان هەیە یان ســـەردانی هاوڕێ و دەستە خوشـــکیان دەکەن، ئەگەر ماکیاژێکی تۆخ نەکەن، بێگومان ماکیاژێکی ســـادە هەر دەکەن. کچان لەمەدا وەك یـــەك نیـــن، هەیە تەنیا حەز بە ڕەش کـــردن و ماکیاژی چاو دەکات، یان هەیە تا ئەساســـێك نەکات بۆ روخســـاری، دڵنەوایی نایەت و ناچێتە دەرەوە، یان هەندێك لە کچان حەز بە ماکیاژ ناکەن. کچانی هەرزەکار، یان خانمانی تازەپێگەیشتوو، زۆربەیان حەز لە ماکیاژ کردن دەکەن، وەك ئەوەی لە سەرەتای ئاشـــنابوونیان بـــە دونیای جوانـــی و ماکیاژەوە، شـــێوازی ماکیاژکردنی کچە هەرزەکارێك لەگەڵ ئافرەتێك خاوەن ماڵ و منداڵ، جیاوازییەکی زۆری هەیە، ئەوانەی هەرزەکارن، دەبێ ماکیاژێکی سادە و ناسك بکەن، بەپێچەوانەی ئافرەتانی دیکە کە ماکیاژی تـــۆخ و دیار دەکەن. یەك جیاوازی گەورە نێوان ماکیـــاژی کچانی هەرزەکار و ئافرەتانی دیکەدا هەیە ئەویش ئەوەیە، کە ڕەنگی ســـووراوی لێـــوی کچانی هەرزەکار دەبێ تۆختر بێ لە هی ڕەنگی لێوی ئافرەتان.







# پێڵاوی پاژنەبەرزی بووک

لەو کاتەی ئامادەکاری بۆ کچێك دەکرێ تا ببێتە بووکێکی خنجیلانە، یان تا لە ڕۆژی ئاهەنگی بووکێنیدا وەك شازادەیەك دەربکەوێ، کەس و کاری نزیکی بووك، زۆربەیان بەشداری لە هەڵبژاردنی جل و بەرگ و ئێکسسوار یان هەر بەشێکی پێویست بۆ ئەو ڕۆژەدا دەکەن، پێویستە ئەوانەی یارمەتی بووك دەدەن لە هەڵبژاردنی هەر شتێکی تایبەت بەو ڕۆژە بۆ بووکەکە،، دەبێ بە سانایی و وریایی کاری بۆ بکەن، چونکە هەر پارچەیەك لە پێداویستی خانمانی بووك، پێویستە لە ڕازاوەترین شێوە بێ، ئەگەر یەکێك لەو پارچانە نەشیاو بێ، دەبێتە مایەی شێواندنی جوانی بووکەکە. بۆ نموونە: ئەگەر کراسێکی درێژمان بۆ خانمی بووك هەڵبژارد، لەلایەکی دیکەوە پێڵاوێکی پاژنە نزممان دەستنیشان کرد، بێگومان ئەوە نارێکی دروست دەکا لە کاتی پۆشینی کراس و لەپێ کردنی پێڵاوەکە. وەك دەزانین شێوازی کراسی ئێستای بووك، زۆربەیان درێژە و لێرەدا پێویستی بە پێڵاوێکی پاژنە بەرز هەیە، تا لەگەڵ یەکتر بگونجێن، یان بە مەبەستی یەکسان کردنی درێژی کراسەکە لەگەڵ بەرزی پاژنەی پێڵاوەکە هاوتا بێت، ئەم وێنانە چەندین شێوەی پێڵاوی جیاجیای پاژنە بەرزن کە تایبەتە بۆ بووکان، خانمانیش دەتوانن یەکێك لەم شێوە تازانەی پێڵاوی پاژنەبەرزی بووك هەڵبژێرن.



# ئێستا باوی بازنی گەورە و سادەیە

ئێکسسوار و خشڵی دەست لە چەندین پارچەی جیاواز پێکدێ، لەوانە : ئەڵقە، ئەنگوستیلە، زنجیر، بازن. هەر پارچەیەك بۆ کات و شوێنی تایبەت بە خۆی لە دەست دەکرێ، هەر یەکە لەو پارچانە جیاوازییان لەگەڵ یەکدی هەیە، بۆیە خانمان دەبێ لە هەڵبژاردنی ئێکسسوار وشیار بن و بزانن چ جۆرە ئێکسسوارێك دەستنیشان دەکەن، بە مەرجێك لەگەڵ ناسکیی دەستیان بگونجێ. لێرەدا باس لە جوانی و گرنگی بازن دەکەین، بازن دوو جۆرە، جۆری یەکەمیان کە تایبەتە بە قەبارەی بازن لەو دوو شێوە پێکدێ کە بازنی شێوە بچووك وگەورەیە، جاران لەلایەن خانمانەوە خواستێکی زۆر لە سەر بازنی بچووك بوو، بەڵام لە شێوازە تازەکاندا باوی کەم بۆتەوە و لە جێگەی بازنی بچووك، شێوازێکی دیکە جێ گرتۆتەوە، ئەویش بازنی گەورەیە.

جۆری دووەمی بازن تایبەتە بە ڕەنگ و نەخش، ئەو جۆرەش لە بازنی سادە و ڕەنگاوڕەنگ پێکدێ، یان هەبوونی نەخش و نیگار لە سەر بازنەکەش جوانی خۆی هەیە. لێرەدا مەبەست لە سادەیی بازن ئەوەیە، کە بازنەکە تەنیا لە تاکە ڕەنگێکە، یان کاتێك لە چەندین ڕەنگ نەخشێنراو دەبێ، بە بازنی ڕەنگاوڕەنگ دەناسرێ. باوترین بازنی ئەو سەردەمە، بریتییە لە بازنی گەورە و سادە.




# هەلیکۆپتەر لە ئاسمانی کوردستاندا

بیرۆکەی دروست کردنی هەلیکۆپتەر دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٣٦) لەلایەن هاووڵاتییەکی ئەڵمانی بەناوی (ئەنتۆن فلتنەر)، کە توانی بیرۆکەکەی پەرە پێ بدات و پاشان یەکەمین هەلیکۆپتەری دروست کرد، وشەی هەلیکۆپتەر فەڕەنسیە و لە بنەڕەتدا یۆنانییە ئەویش لەم زاراوەیە وەرگیراوە (هیلیکس ئەهیلیك) کە ئەوەش بە مانای (خولانەوەی بازنەیی) دێت. پێشتر لە کوردستاندا هەلیکۆپتەر بەکارنەهاتووە، بەڵام ماوەیەکە حکومەتی کوردستان چەند هەلیکۆپتەرێکی بۆ کاری خزمەت گوزاری دابین کرد. ئێستا ڕێکدەکەوێ کە زۆر جار هەلیکۆپتەر بە ئاسمانی شارەکاندا دەسوورێتەوە. ئەم هەلیکۆپتەرانە فڕۆکەوانی کوردستانی دەیانهاژوون بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکی خزمەت گوزاری لە بواری هاتوچۆ و تەندروستیدا. ژمارەی ئەو هەلیکۆپتەرانەی لە کوردستاندا هەن ( ٩)یە، کە (٥) لەوانە بە (دایرۆکۆپتەر)ناسراون و (٤)ی دیکەش (هەلیکۆپتەر)ن، لەسەرەتای ئەرك و کاری ئەو هەلیکۆپتەرانە بۆ بواری هاتوچۆ و تەندروستی بەکاردەهێنرێ، یان بۆ کاتی بەهاناوەچوون و فریاگوزاری بەکاردێ. کاتێك لە ڕێگاوبانەکانی دەرەوەدا ڕووداوی هاتوچۆ دەبێ، بەهۆی ئەو هەلیکۆپتەرانەوە دەستبەجێ دەگەنە شوێنی ڕووداوەکە، کەسەکان بە هەلیکۆپتەر دەگەینە نەخۆشخانە ئەوەش ئاستەمە بە ئوتۆمبێل لە ماوەیەکی کورتدا بگەیەنرێتە نەخۆشخانە، ئەو هەلیکۆپتەرانە دانراون تا بە خێراترین کات بگەنە شوێنی ڕووداوەکە، لەلایەکی دیکەشدا لە بواری چاودێری سەر فڕۆکەخانە بەکاردەهێنرێ بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە شوێنی مەبەست.

## فیستیڤاڵی زستانەی هەولێر بۆ بەفرە خلیسکێ

لە بەشێك لە وڵاتاندا سوودی زۆریان لەکەش و هەوای وەرزەکانی ساڵ وەرگرتووە، بۆ نموونە لە هاویندا گرنگی بە پێشبڕکێی مەلە دەدەن یان کەناری دەریا دەکەنە جێگەی گەشت و کات بەسەر بردن، لە زستانیش خلیسکانە و پێشبڕکێی سەر بەفر دەهێننە کایەوە، کوردستانیش لە هەنگاوی سەرەتادایە بۆ سوود وەرگرتن لە کەشی جیاوازی وەرزەکان. فیستیڤاڵی بەفرە خلیسکێ یەکێکە لە زنجیرەیەك فیستیڤاڵی جۆراوجۆر کە بڕیارە ئەمساڵ لەلایەن پارێزگای هەولێرەوە ساز بکرێت. بەپێی ئەو بەرنامەیەی پارێزگا دایناوە. فیستیڤاڵی بەفرە خلیسکێ لە چیای کۆڕەك بەڕێوە چوو. چیای کۆڕەك یەکێکە لە چیا بەرزەکانی دەڤەری ڕواندز، زستانان بەفرێکی زۆری لێدەکەوێت. بە ڕاددەیەك شیاوە بۆ بەڕێوە چوونی فیستیڤاڵی بەفرە خلیسکێ، بە ئامادەبوونی گەشتیارانی خۆماڵی و بیانی و چەندین کەسایەتی ناوخۆ و دەرەوە و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو، ئەمەش یەکەمین جارەکە فیستیڤاڵی بەفرە خلیسکێ لە کوردستاندا بەڕێوە دەچێت. لەم فیستیڤاڵەدا بەشداران هەردوو یاری سکیدۆ و بەفرە خلێسکیان کرد. ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیارانی ناوخۆ و بیانی ئامادەی ئەو فیستیڤاڵە بوون.



## بچووکترین ئۆتۆمبێل لێخوڕە

کاتێك سەردانی شوێنێکی گشتی دەکەی، ڕووبەڕووی کێشەی هاتوچۆ و وەستانی ئوتۆمبێل دەبیتەوە، ئەمەش بەهۆی ئـەو جەنجاڵی و زۆربوونی ژمارەی ماشـێن لە شـەقام و گەراجی وەسـتانی ئۆتومبێلدا هەن. بۆ چارەسـەرەی ئەو گرفتە، کە ئێسـتا زۆربەی خەڵکی جیهان بە دەسـتیەوە دەناڵێنن، کۆمپانیایەکی بەریتانی ئوتۆمبێلێکـی قەبارە بچووکی دروسـت کردووە. ئەو ئوتۆمبێلە ناوی (پێل)ە، تەنیا جێی یەك کەسـی تێدا دەبێتەوە. درێژیەکەی نزیکەی مەترێکە و پانیەکەشـی (١) مەتر و (٣٤) سـەنتمەتر دەبێت. ئەمیش وەك هەر ئوتۆمبێلێکی ئاسـاییە، دیمەنکی قنج و جوانی هەیە، هەڵبەت دەبێ ئەوەش بزانین لە هەر شـوێنێك بیوەسـتێنیێ، لە دواتر کێشەت بۆ دروست ناکات، کاتێك ئوتۆمبێلەکەت لێدەخوڕی چونکە قەبارەی بچووکە و جێیەکی کەم دەگرێ، بۆ تێپەڕ بوونیش بە جادە و شەقامیشدا بە کەمترین کەلەبـەردا تێپەڕدەبێ و ڕێی خۆی دەبڕێت.



## ترسناکترین یاریی جیهان

لە سەرتاسەری جیهاندا ئەو کەسانە زۆرن کە ئارەزوویان کاری سەرکێشی و ئەنجامدانی کاری ترسـناکە و پێیان وایە توانای خۆڕاگرتنیان هەیە لە بەردم ترس و دڵەڕاوکێ، ئەو کەسـانەی پێیان وایە ئەو هێز و توانایەیان هەیە پێویستە خۆیان بگەیەننە ویلایەتی تەکساسی ئەمەریکا، ئەوەی سەرکێشـی بـکات و بچێتە ئـەو یارییەوە، یەکجار دەچێت و دووبارەی ناکاتەوە، چونکە هەر کەسێك کە ئەم یاریەی کرد ڕۆحی دەگاتە کونە لووتـی و دەگەڕێتەوە. واتـە کەس نییە ئەم کارە ترسـناکە دووبارە بکاتەوە. بەرزی ئەم یارییە چوار سەد مەتر دەبێت و بە خێرایی ٦٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا دەخوولێتەوە واتـە (١٥) مەتر لە هەر چرکەیەکدا. ئەم یاریە کـە بریتییە لە خوولانەوەیەکی بڵند و خێرا بەشداربوان تووشی سەر سووڕان و گێژ بوون و تـرس و دڵ هەڵچوون دەکات، تەنانەت پیاو ئەژدەری دەچێ لە ترسا. هەر بۆیە کەس لە یەك جار زیاتر سەرکێشـی ناکات و بچێتەوە ئەو یارییە.








## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هەواڵێکی دڵخۆشکەر دەبیستی کە کاریگەریەکی چاکی دەبێت لەسەر ژیانت، لەبواری سۆزدارییەوە پێشوەچوون بەدی دەکرێت لەوانەیە بەناچاری لە پەیمانت پاشگەز ببیتەوە، ئەمەش لەئەنجامی بەرەنگاربوونەوەی کەسانێکە کە بوونەتە کۆسپ لەبەردەمت.



## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بارودۆخت هەروەکو ڕۆژانی پێشوو باش دەبێت ڕووداوەکان لەبەرژەوەندی تۆ دەبن، هەروەها پێویستە زیاتر گرنگی بە ئەندامانی خێزانەکەت بدەیت.



## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

بارودۆخ ئارام دەبێتەوە و هاوکاری بەخت بەسەر هەموو گرفتەکانت زاڵ دەبێت، ڕەنگە گۆڕانکاری چاکیش لە ژیانت ئەنجام بدەیت.



## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

باری کۆمەڵایەتیت لەگەشانەوە دەبێت و لەوانەشە بەدیداری دۆستەکەت شاد ببیت، یاخود پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵدا بکەیت.



## شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

هەروەکو دوێنێ پێویستە ئاگاداری خۆت بیت بەقسەی کەسیش هەڵنەخەڵەتێی، لەوانەیە لەم ماوەیەدا خەرجییەکی زۆر بکەیت.



## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لەبواری سۆزدارییەوە بەرەو ڕووی گلەیی و گازاندەی دۆستەکەت دەبیتەوە، بۆیە پێویستە لەم لایەنەوە چاوێك بە ڕەفتارەکانتدا بخشێنیتەوە.

# شاراپۆڤا حەزی بە پۆرشە!

کچە یاریزانی تێنسی سەر زەوی (ماریا شاراپۆڤا)، وێڕای ئەوەی کچە یاریزانێکی بە ناوبانگی جیهانییە، هەروەها یەکێکە لە کچە شۆخ و شەنگەکانی ڕووسیا، ماریا لە ساڵی (١٩٨٧) لە دایك بووە و یەکێك لە ئارەزووەکانی ژیانیدا، حەزی بە ئوتۆمبێلی جۆری (پۆرش)ی ئەڵمانییە، ئەو جۆرە ئوتۆمبێلەش یەکێك لە گرانبەهاترین ئوتۆمبێلەکانی جیهان و تا ئێستاش لەلایەن کۆمپانیای پۆرشەوە، ئوتۆمبێلێکی جۆری پۆرشی پانامێرای پێشکەشی شاراپۆڤا کردووە.






# خانووی سەراوژێر

ئەندازیارانی بواری دروست کردنی باڵەخانە، یان ئەوانەی لە بواری زانستی ئەندازیاری شارستانی کار دەکەن، دەتوانن چەندین بیرۆکەی جوانی سەر کاغەز بکەنە باڵەخانەیەکی ڕاستەقینە، کە ئەوەش ببێتە جێگەی سەرنج ڕاکێشانی ئەوانەی لە شێوەی ئەو باڵەخانانە دەڕوانن. ئەو باڵەخانە سەراوژێرە، ناوی (هابیتات)ە و لە شاری مۆنتریاڵی وڵاتی کەنەدایە، بە شێوەیەکی سەیر دروست کراوە، تەنانەت لە دوورەوە وا دێتە بەرچاوت کە ئەو باڵەخانەیە ڕووخا بێت.

## نوکتە




■ جارێکیان یەکێك بە ڕێگەدا دەڕوا و لە ناکاو پێی لە پەلکە مۆزێك هەڵدەخلیسکێ و بەر دەبێتەوە، هەڵدەستێتەوە و ماوەیەکی دیکە دەڕوا و پەلکە مۆزێکی دیکە دەبینێ، لە خۆیەوە دەڵێ : توخوا وەرە تاقەتت هەبێ دیسان بەربیبەوە !

## وتە

- زۆربەی کات، ڕقمان لە شتە کۆنەکانە و تەنانەت فڕێیان دەدەین، بەڵام تەنیا لە خۆشەویستی پێچەوانەیە، تا چەند کۆن بێ وئەوەندە جوانتر دەبێ و ئێمەش بە پەرۆشەوە بۆی دەچین.

- هەمیشە کەسانی ناحەزت ببەخشە، چونکە هیچ شتێك بە قەد بەخشین نارەحەتیان ناکات.

## وتەی ناوداران




**-فیکتۆر هۆگۆ، دەربارەی ئیشق و خۆشەویستی گوتویەتی:**
ئاشقی کەسێك ببە کە شایەنی خۆشەویستی تۆ بێت، نەك تینووی خۆشەویستیت بێت، چونکە مرۆڤی تینوو ڕۆژێك دێت تینوێتی دەشکێ، یا تێر ئاو دەبێت.

## تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢




زۆر ئاگاداری خۆت بەو ئەوەندە بە گازاندە مەبە لەهاوڕێکانت وریای قسەکانیشت بە، ئەگینا لەوانەیە بەهۆی قسەیەك تووشی گرفت ببیت.

## دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١



لایەنی سۆزداریت گەشەیەکی خێرا بەخۆیەوە دەبینێت سۆزو خۆشەویستیەکی لەرادەبەدەر ڕووت تێدەکات، لەوانەیە دیارییەکی بەنرخیشت بەدەست بگات.

## کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١



بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خێزانیت دەرفەتێکی دیکەت بۆ دەڕەخسێت، هەوڵبدە خۆپەرست نەبیت تۆزێك دووربیت بەو هەندێك بەخۆتدا بچۆرەوە.

## گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩



بووژانەوەیەکی ئاشکرا لەسیماتدا بەدی دەکرێ، لەبواری سۆزدارییەوە دەرفەتێکی باشت بۆ هەڵدەکەوێ لەوانەیە لە ئامانجت نزیك ببیتەوە.

## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨



زۆر گرنگی مەدە بە هەندێك گرفت کە خەریکە بەرەو کۆتایی دەڕوات، کەسێك پێشنیارێکت بۆ دەکات، پشتگوێی مەخە، باری تەندروستیشت فەرامۆش مەکە.

## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠



بەپەلە هەڵسوکەوت مەکە، چونکە زەرەرمەند دەبیت، هەست بە بێزاری و دڵەڕاوکێ دەکەیت بەهۆی خەون بینینی ترسناك پشوویەك بدە.

ئا: فەرهاد ئاژگەیی

| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | | | | ■ | | | | |
| ٢ | | | | ■ | | ■ | | | | | ■ | |
| ٣ | | ■ | | | | | ■ | | | | | |
| ٤ | | | ■ | | | | | | | | | |
| ٥ | | | | | | ■ | | | ■ | ■ | | |
| ٦ | | | | ■ | | | | ■ | | ■ | | |
| ٧ | | | | | | ■ | | | | | | ■ |
| ٨ | ■ | | | | ■ | | | | ■ | | | ■ |
| ٩ | | | | | ■ | ■ | | | | | | |
| ١٠ | | ■ | ■ | | | | ■ | ■ | | | | ■ |
| ١١ | | | | | ■ | | | | | ■ | | |
| ١٢ | | | | | | | | ■ | | | | |

### ئاسۆیی:

١- بەرهەمی نەوت – ئامێرێکی مۆسیقایە
٢- یاد (ت) – جۆرە گوڵێکە (پ)
٣- کۆڵ- گیانلەبەرێکە لە چین زۆرە
٤- پیتێکی Eیە (پ) – جەژنێکی جولەکانە (پ)
٥- شکست (پ) – سەبەب (پ)- ڕەگەزێکە
٦- نمرە – بەشێکە لە دەم (پ) – دوو پیتی حلب
٧- کۆتایی (پ) – کۆکراوەی گەنم بە تەنیا
٨- شارێکی کوردستانە – داو – نیوەی ئەژی (پ)
٩- باڵندەیەکە – جۆرە گازێکی کوشندەیە
١٠- زیت (ت) – جۆرە ئۆتۆمبێلێکە
١١- دەرد – ناوێکی کچانەیە – نیوەی ژیان
١٢- جۆرە ئۆتۆمبێلێکە - جۆرە ئۆتۆمبێلێکە

### ستوونی:

١-بەرهەمی پەمۆ – ئامێرێکی مۆسیقایە
٢- بینی(پ) – کچە گۆرانیبێژێکی لوبنانییە – دوو پیتی نایە
٣- بەشێکە لە لەش – ڕەوان (ت) – کپ (پ)
٤- وەکو یەك – جێگیر
٥- داستانێکی میللی ئینگلیزییە
٦- پیتێکی میوزیکە – وەکو یەك
٧- شەپرێو – قەپاغ (پ) – نەخێر (پ)
٨- خۆشی بە ئینگلیزی (پ) – یەن (ت)
٩- دارێکە – ژمارەیەکە – جۆرە ئوتۆمبێلێکە (پ)
١٠- چوار پیتی پانکە – جۆرە ئوتۆمبێلێکە
١١- یاریزانێکی کۆنی عێراق بوو (پ)
١٢-وێنەکێشێکی جیهانی بوو (پ) – جۆرە ئوتۆمبێلێکە

## تابلۆ



یەکێک لە تابلۆیە پڕ مانا و بە نرخەکانی (فریدریك گودال)ە، کە وێنەکێشێکی بەریتانی بوو، لە ساڵی (١٨٢٢) لە شاری لەندەن لە دایك بووە لە ساڵی (١٩٠٤) کۆچی دوایی کردووە، تابلۆی گوداڵە، هەردەم باسی لە جوانی سرووشت و سادەیی مرۆڤ، پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سرووشت بووە، زیاتریش گرنگی داوە بە پەیوەندی نێوان تاکی خێزان و کۆمەڵگا. لەم تابلۆیەیدا باس لە دایکێك دەکات، کە چیرۆك بۆ (٣) کچەکەی دەخوێنێتەوە.

## زاخاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتاییدا ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە.
بەسوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خواردنێکی سوێرە و لەناو خواردن دەکرێ لە زمانی هەولێری)
- پیتی خانەکانی (٥+٤+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (سیفەتێکی کچانەیە ئەوانەی ناسك و خۆیان زۆر خۆشدەوێ)
- پیتی خانەکانی (٣+٢) کۆبکەیتەوە بە مانای (ڕۆیشتنی ئاو، وەك ڕووبارە و ناوێکی دیکەی هەیە)
- پیتی خانەکانی (٥+٤+٢ )کۆ بکەیتەوە بە مانای (جۆرە ئامێرێکی میوزیکە)



* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (**سەپان**) بوو